# چەرچڵ.. پیاوی تەنگانە

بەشی سێیەم



من هیچم نیە پێشکەشی ئێوەی بکەم جگە لەخوێن، ئارەقە وفرمێسك نەبێت، با پێکەوە خەباتبکەین و تواناکانمان یەك بخەین

چەرچڵ

ئا: ئیدریس ئیبراهیم ــ سوید

دوای ئـەوەی وەزارەتـی تەقەمەنـی هەڵوەشـایەوە چەرچـڵ بوو بـە وەزیری جەنـگ، پێـش کۆتایی هاتنـی جەنگی جیهانی ئاڵوگۆڕێکی زۆر بەسەر(روسـیا)دا هاتبوو بنەماڵەی قەیسەری لە ناوچوبوون ،شـەڕی ناوخـۆ دەسـتیپێکردبوو، بۆلشـەفیکەکان بۆئـەوەی بتوانـن بارودۆخەکـە کۆنـترۆڵ بکـەن پەیمانی ئاشـتیان لەگەڵ ئەڵمانیـا مۆرکردبوو، ئەو شـەڕە خوێناوییـەی کە لە نێـوان هێزی سپی و هێزی سووری روسیا درێژەی هەبوو هاوپەیمانەکانـی خسـتبووە بـەر ئەمری واقع، ئایا پشـتیوانی هێزی سـپی بکەن ؟ یان بـە تەواویی واز لە کێشـەی ناوخۆی روسـیا بێنن ،دیـارە ئەمە بـۆ بەریتانیا ئاسـان نەبوو ،چونکـە پارەیەکی زۆریان وەك قەرز بە روسـەکان دابوو، بە هیوایی وەرگرتنەوەی بوون ، لە لایەکیتر مەترسی تەنینـەوەی کۆمۆنیـزم و جوڵانـەوەی کرێـکاری ئۆقرەیـی لەحکومەتەکانـی ئەوروپـا و ئەمریـکا بڕیبـوو، چونکـە بۆلشـەفیکەکان ڕایانگەیاندبـوو کـە پشـتیوانن بۆ جوڵانەوەی کۆمۆنیستی لە هەر کوێیەکی دونیا، هاوپەیمانان لە شاری (ڤەرسـا) کۆنگرەیەکی ئاشتیان بەست بۆ دیارکردنی سنوورەکان وکێشەکان، زۆربەی دەوڵەتانـی بەشـداربوو پێیـان باشـبوو کە پشـتیوانی هێزی سـپی روسیا بکەن ، چەرچڵ ڕایگەیاند کە ئامەدەیە بە چەك و هێزی مرۆیی هاوکاریان بکات، گەلێك جار ئەوەی دووبارە کردبووەوە کە گەلی روسـیا لەژێر سـایەی رژێمی قەیسـەری توشـی ئێـش وئازار هاتبـوون، بەڵام لە سـایەی کۆمۆنیسـتەکان دووچـاری راوەدوونـان و تۆقاندن و کوشـتنی بەکۆمەڵ بوونە و تەواوی ئازادییەکانیان لێ زەوتکراوە، بۆیە پێویستە یارمەتیان بدرێ، لە هەمانکاتیشا زۆر بـە توندی بەگـژ کۆمۆنیسـتەکانی بەریتانیـادا چـوەوە، ئـەو بڕیارانـەی چەرچڵ بووە هۆی هەڵچوون و توڕەبوونی خەڵکـی وڵاتەکـەی ،کە تازە لەشـەڕێکی ماڵوێرانکەر سەرکەوتنیان بەدەستهێنابوو لەو پێناوەشـدا قوربانی زۆریان دابوو بۆ پاراستنی قەڵەمرەوی بەریتانیا، بۆیە ئەم بڕیـارە سـەرینەگرت، هەروەهـا لە کاتی جەنگدا زۆربـەی نەتەوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراسـت یارمەتی هاوپەیمانانیان دابوو دژی تورکـەکان، بەڵام پەیمانی ئاشـتی و کۆتایی هاتنی جەنگ هیچ چارەسەرێك و دوارۆژێکیـان بـۆ دیارینەکرابوو، بۆیە لە زۆربەی ناوچەکان شـۆڕش دژی هێزەکانی بەرپاکرابـوو، یـان لەخـۆ ئامادەکـردن دابـوون بـۆ شـۆڕش و ڕاپەڕیـن، بۆیـە حکومەتـی بەریتانیـا (چەرچڵ)یـان لە وەزیری بەرگری گواسـتەوە بـۆ وەزیری کۆڵۆنیاڵەکان، لە ماوەیەکی کەم توانی دڵی عەرەبەکان رازیبـکات و دەوڵەتی عێراق و ئوردەنیان بۆ دروستبکات.

سـاڵی (١٩٢٢)حکومەتی بەریتانیا تووشی قەیرانـی ناوخۆ هات، بۆیـە هەڵبژاردنی گشـتی کـرا، چەرچـڵ وەك پێویسـت نەیتوانی بەشـداری بانگەشەی هەڵبژاردن بکات، چونکە لە سـەر کورسی هاتوچۆیان پێدەکـرد لـە نەخۆشـخانە کەوتبـوو، نەشـتەرگەری ریخۆڵەکوێرەی بۆ کرابوو، هەربۆیەش بۆ یەکەم جـار لە هەڵبژاردن دۆڕاو نەبـوو بـە ئەنـدام پەرلەمان، ئەو دەمە گوتبووی:(بێ فەرمانم ، بێ کورسـی پەرلەمانم، بێ پارتو بێ ریخۆڵەکوێرەم)، لـەو کاتـەدا لیبراڵـەکان بـەرەو لەبەریەکهەڵوەشـانەوە دەچوون، چەرچڵ باوەری پێیـان نەمابوو، ئەو مرۆڤێك بوو هەمیشـە لەگـەڵ زۆرینە بـوو، بۆئەوەی دەسەڵاتی خۆی بپارێزێ، لەوانەشە لەسەر حەق بووبێ، چونکـە مرۆڤێکی لێهاتوو و بە وەفابـوو بۆئیمپراتۆریەتی بەریتانیاو

نەتەوەی ئینگلیز.

لە کۆتایی ساڵی (١٩٢٢)بۆ جاری یەکەم پارتی کرێکاران (١٩٢)کورسیان بەدەستهێنا، پارێزگارەکان و لیبراڵەکان نەیانتوانی حکومەت دروست بکەن، پاشا داوای لە (رامسی ماکدۆناڵد)کرد، حکومەت پێکبێنێ، ئەوە یەکەمجار بوو سۆسیالستەکان لە مێژووی بەریتانیا حکومەت دروست بکەن، پارتی کرێکاران لە هەڵبژاردنی (١٩٠٦)توانیبوویان (٢٩ ) کورسی بەدەستبێنن بۆیە دروست کردنی حکومەت بۆ ئەوان ئاسان بوو، چونکە لە نێوان ئەو شازدە ساڵە لەخەباتێکی بێوچان دابوون و گرینگی زۆریان بە بێکارەکان و تەندروستی و خانەنشینەکان و دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوون بۆ هەژاران دابوو، ئەم حکومەتە بەری رەنجی خەباتی پەرلەمانی ئەو پارتە بوو، بەڵام تا دەهات بارودۆخی ناوخۆی بەریتانیا بەرەو شپرزەیی دەچوو، نرخی کەلوپەل بەرز دەبووەوە، هەژاری روو لە زیادبون بوو، دراوێکی زۆر لە شەردا خەرجکرابوو، یا بەشێوەی قەرز بە دەوڵەتان درابوو بۆ خەزێنەکانی دەوڵەت نەگەڕابووەوە، بۆیە حکومەت دوای حکومەت دەروخا، لە ماوەی دووساڵدا چوار هەڵبژاردن کرا، واتە (١٩٢٣-١٩٢٤)، چەرچڵ شوێنی خۆی لە هیچ پارتێك نەدۆزیەوە، جارێك داوای کرد لە لیستی پارێزگاران بەشداری هەڵبژاردن بکات، بەڵام ئەوان رازی نەبوون، بۆیە جارێك وەك مرۆڤێکی ناسیونال لیبراڵ وجارێکیتر وەك ئەندامێکی سەربەخۆ، دژی سۆسیالیزم خۆی هەڵبژارد، هەردوو جارەکە سەرکەوتوو نەبوو، جاری چوارەم لەلیستی پارێزگاران شوێنی خۆی کردەوە، لە ساڵی( ١٩٢٤)لە حکومەتی پارێزگاران بوو بە وەزیری ئابووری تاکو ساڵی(١٩٢٩)، چەرچڵ لە ماتماتیك تەمبەڵ بوو، ئێستا باری داهات و بودجە و سامانی تەواوی وڵاتی کەوتبووە ئەستۆ، ناچاربوو خۆی بگونجێنێ و فێری ژمارەو ژماردنی رێك و رەوان بێت، لەمەشدا پشتی بە راوێژکارەکانی دەبەست، لە سەردەمی حکومەتی (باڵدوین)راپەرین وخۆپیشاندانی کرێکاران دەستیپێکرد، حکومەتی پارێزگاران هانایان بۆ چەرچڵ برد کە رۆژنامەیێك دەربکات و رووداوەکانی رۆژ لێکبداتەوە، ئەویش رۆژنامەیەکی بەناوی (بریتش گازێت)ی دەرکرد، کە رەخنەیەکی توندی لە پارتی کرێکاران و رێکخراوی کرێکاران و کرێکارانی چاڵەخەلوزەکان گرت، لە هەمانکاتیشدا رەخنەی لە پارێزگارەکانیش دەگرت و سەرزەنشتی دەکردن، پارێزگارەکان ئەو رەخنانەیان بەدڵ نەبوو، هەر زوو پشتیان بەردا بە تەنها لەگۆڕەپانەکەدا مایەوە، باوەری بە سیاسەتی هیچ لایەك نەبوو، تەمەنیشی بەرەو هەڵکشان دەچوو، لە شەست ساڵی نزیك دەبووەوە، بە تەنیا نەیدەتوانی چارەسەری هەموو کێشەکان بکات، لە ناو ئینگلیزەکان ناوبانگی دەرکردبوو، گەلێکجار خۆی لە کەشکەڵانی ئاسمان دەدۆزیەوە، لە ناکاو دەکەوتە ژێرەوەو دەبووە مرۆڤێکی بێبایەخ، ئەو دەمە سیاسییێك گوتبووی:(چەرچڵ خەریکە گۆڕی سیاسی بۆ خۆی هەڵدەکەنێ).

چەرچڵ ئەو دەمە بە خوێندنەوەو نووسین خەریکبوو، بە بەردەوامی وتاری بۆ رۆژنامەکان دەنووسی، لە زانکۆکانی بەریتانیا سمیناری دەگێرا و وانەی(محازەرە) دەوتەوە، ئەڵمانیا بەیانی ژێرکەوتنی مۆرکردبوو تازە دەهاتەوە سەرخۆ، ناسیۆنالیزمەکان لە گەشەکردندا بوون، هیتلەر هەرەشەی لە جیهان دەکرد، چەرچڵ بە وردی چاودێری ئەو رووداوە نوێیانەی ئەڵمانیای دەکرد، هەنگاو بە هەنگاو ئاگاداری لە سەر رەوشەکە هەبوو، گەیشتبووە ئەو باوەرەی کە شەرێکی تر بەرێگاوەیە، ئەم بۆچوونە لە لای زۆرێك لە دبلۆماسەکان، زانستخوازان و سیاسەتمەداران پەیدابىبوو، بەریتانیا لەبەردەم هەژانێکی گەورەدا بوو، پاشای بەریتانیا (ئیدواردی هەشتەم) حەزی لە بێوەژنێکی سێ جار تەڵاقدراوی ئەمریکی دەکرد، دەیویست بیخوازێ، ئینگلیزەکان رازینەبوون بۆ بنەماڵەی پاشا بە ئابڕوچوونیان دەزانی، پاشا بۆ ئەو کێشە سۆزداریە پەنای بۆ چەرچڵ برد، داوای لێکرد کە لە پەرلەمان داوا بکات، بەڵکو رێگەی پێبدەن ئەو ژنە بخوازێ، چەرچڵ لە دانیشتنێکی پەرلەمان ئەم کێشەیەی تەقاندەوە، لە هەموو لایەك رەخنەی توندی ئاراستەکراو تاوانباریان کرد کە ئەو پێناویانە، بەم هەنگاوە چەرچڵ سەرکۆنەکرا، لە(١٠/١٢/١٩٣٦) پاشا وازی لە پاشایەتی هێنا بۆ برابچوکی خۆی جۆرجی شەشەم، سەرۆکی وەزیران باڵدوین دەستی لە کار کێشایەوە، (تیفل چامبلین)بوو بە سەرۆکی حکومەت، کە هاوڕێی چەرچڵ بوو، زۆر لە ژێر کاریگەری بیرو بۆچوونەکانی ئەو بوو،(تیڤل) دەیویست بە هەر شێوەیێك بێت ئاشتی لەگەڵ ئەڵمانیا بپارێزێ و باوەری بە خۆئامادەکردن و پرچەککردن نەبوو، بۆیە چەرچڵی لە کابینەکەی خۆ دانەنایەوە، سوپای ئەڵمانیا بەرەو نەمسا جوڵا، نیشانەکانی شەر بەدیارکەوتن، تیفل بە درەنگەوە لە خەو بەئاگاهاتەوە، بۆیە چەرچڵ گووتی:"تیفل بە هیوای ئەوە بوو، کە ببێتە مەزنترین مرۆڤی ئاشتیپارێز لە مێژوودا، بۆ ئەمە بەکردار و فەرمانەکانی



جۆرجی شەشەم



ئەدۆلف هیتلەر

تێکۆشا، کە مەترسی بۆ خۆیو بۆ دەوڵەتیش هەبوو " چامبلێن بەرامبەر بڕیارەکانی هیتلەر دەستەو ئەژنۆ دامابوو، پاش ماوەیەکی کەم ئەڵمانیا بە هاوبەشی نەمسا، داوای گەڕانەوەی ناوچەی سۆدێتیان کرد، سەرۆك وەزیرانی بەریتانیاو فەرەنسا لە(٢٩ئەیلولی ١٩٣٨)لەگەڵ هیتلەر لە میونخ کۆنفراسێکیان بەست، ناوچەکەیان بە ئەڵمانیا داوە، پاش ماوەیەکی کەم هیتلەر دەوڵەتە دیموکراتەکەی چیکۆسلۆڤاکیای گرت، ئەوان هەر بێدەنگ بوونو ئامادەنەبوون پشتیوانی لە هاوپەیمانی خۆشیان بکەن، هیتلەر تا دەهات داوای زیاتری دەکرد، مرخی لەپۆڵۆنیا خۆشکردبوو، بۆیە سەرۆك وەزیری بەریتانیا لە(١٠ی مارتی ١٩٣٩)دا گەیشتە ئەو باوەڕەی کە هیتلەر بەراستی هەڕەشە دەکات، بە ئاشتی چارەسەرکردنی کێشەکان لەگەڵ ئەو هیچ واتایەکی نیە..

لە(١٠ی ئەیلولی ١٩٣٩) زرێپۆشەکانی ئەڵمانیا چوونە ناو خاکی پۆڵۆنیا، کە بەهۆی ئەمە تەواوی ئەوروپا کەوتە بەرمەترسی هەڵگیرسانی جەنگی دووەمی جیهان. بەریتانیا ئەڵمانیای ئاگادارکردەوە کە بە زووترین کات هێزەکانی خۆی بکشێنێتەوە، هیتلەر گوێی پێنەدا، بەریتانیا بڕیاری شەڕی دژی ئەڵمانیا راگەیاند، کە ئەمە شانۆی سیاسی سەر لەنوێ بۆ چەرچل کردەوە، بوو بە وەزیری دەریا، لە تەلەگرافێکدا بۆ سوپای بەریتانیا رایانگەیاند:"ونیستۆن گەڕایەوە" .

ڕێکەوتی (٢٣ی ئەیلولی ١٩٣٩) هەردوو وەزیری ئەڵمانیاو یەکێتی سۆڤیەت کۆبوونەوەو بڕیاریاندا کە هێرش نەکەنە سەریەکتری، لە مۆسکۆ پەیمانێکیان مۆرکرد، کە بە پەیمانی مۆلۆتۆڤ-ریبێن ترۆپ ناسراوە، لە نێوان خۆیاندا سنورەکانی ئەوروپای رۆژهەڵاتیان دابەشکرد،( ناوەڕۆکی ئەو پەیمانە تاکو ساڵی(١٩٨٠) بۆ رای گشتی ئاشکرانەبوو، چونکە سۆڤیەت هەموو مرازەکانی خۆی هێنابوودی، بێجگە لە داگیرکردنی فینلەندا!؟) ئەم پەیمانە تا دەهات باری شانی دەوڵەتانی رۆژئاوای قورستردەکرد، ئەمریکا هێشتا بڕیاری شەڕی نەدابوو، بارودۆخی حکومەتی بەریتانیا بەرەو شڵەژان دەچوو، چامبلین کورسیەکەی لەقبووبوو، لە رووی سیاسیەوە دۆڕابوو، نەرویج، دانیمارك، پۆڵۆنیاو چیکۆسلۆڤاکیا داگیرکرابوون، سوید بێلایەنی خۆی راگەیاندبوو، فەرەنسا باوەڕی بە هێڵی (ماژینۆف) بەهێزبوو کە لە هێرشی ئەڵمانیا بیپارێزی، زۆربەی ئەوروپای رۆژهەڵات کەوتبووە بندەستی ئەڵمانیا، هیتلەر شانازی زیاتری بە رەگەزو هێزی چەکداری خۆیدەکرد، رێکخراوە فاشیو نازیەکان بە تەواو لە هەموو شوێنێك پشتیوانی خۆیان بۆ ئەڵمانیا راگەیاند، شالاوی گرتنو لەناوبردنی جولەکەکان بەردەوام بوو، هەڵاتنو دەربازبوون لە مەرگ بۆ ئەمریکا لە برەودابوو، هەموو ئەو هۆکارانە رەنگدانەوەییکی زۆریان هەبوو کە سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا توانای لێکدانەوەی نەبوو، چونکە ئەو مێشکی خۆی بە ئاشتیەوە خەریککردبوو، پەرلەمان داوای هەڵبژاردنیان کرد چامبلین نەیتوانی سەرلەنوێ حکومەت پێکبێنێ، پاشای بەریتانیا جۆرجی شەشەم چەرچلی راسپارد کە حکومەتێکی نوێ دابمەزرێنێ، لە(١٢ی مارتی ١٩٤٠)، چەرچل حکومەتێکی دروستکرد کە لە پێکهاتەکەی هەموو پارتەکانی تێدابوو، چەرچل وەك گەنجێك لە خۆی دەڕوانی، باوەڕی بەسەرکەوتن هەبوو، بەبێ دوودڵی لەگەڵ بەریتانیاکان دەدوا، لە یەکەم کۆبونەوەی وەك سەرۆك وەزیر بەم شێوەیە دەستی بەقسەکردن کرد:"من هیچم نیە پێشکەشی ئێوەی بکەم، جگە لەخوێن، ئارەقەو فرمێسك نەبێت، با پێکەوە خەباتبکەینو تواناکانمان بکەین بەیەك"بەرامبەر بەو وتانەی زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان دەستیان بە هوّی ها کرد، جەنگ بەردەوامبوو ئەڵمانیا هۆڵنداشی گرت، سنوورەکانی شەڕ بۆ هاوپەیمانان بەرتەسك دەبوونەوە، لەپەلاماریکی بێوێنەدا سوپای نازی توانی هێڵی(ماژینۆت)ی فەرەنسا بگرێت، فەرەنسا کەوتە بەر مەترسی داگیرکاری، چەرچل داوای لە سەرۆك وەزیرانی فەرەنسا(پاول دیانیود) کرد کە خەباتبکەن وخۆبەدەستەوە نەدەن. دوای دوو هەفتە (بەلجیکا)ش گیرا، دواتریش فەرەنسا داگیرکرا، بەریتانیا تاکە هێز بوو کە بەرپەرچی ئەڵمانیا بداتەوە، هیتلەر پەلاماری بەریتانیای دا، ویستی لە ئاسمانەوە لەندەن تەختبکات، بەریتانیا لە ماوەییکی کەم توانی هێزی ئاسمانی خۆی بەهێز بکاتو چەکە دژە ئاسمانیەکان پەرەپێبدات، ئەڵمانیا ناچاربوو بە رۆژ واز لەبۆمبابارانکردن بێنێ، لە شەواندا بۆمبابانکردنی دەستپێکرد، چەرچل بە لێبووردەیی خۆی بەو توانا سیاسیەی کە پێیناسرابوو توانی ورەی خەڵك بەرزبکاتەوە، رۆژانە کار بۆ ئەوە بکەن کە چەكو تەقەمەنییکی زۆر بەرهەمبێنن، خۆشی بەردەوام سەردانی دەکردن، شەر بەخەستی لە زەویو ئاسمانو دەریاوە بەردەوامبوو، چەرچل بەهێمنی سەرپەرشتی شەڕەکانی دەکرد، بە تێرامانی ستراتیژیو تاکتیکی شەڕەکانی هەڵدەسەنگاند، جیا لەوەش بەبەردەوامی خەریکی کۆڕو سیمینار بوو، بیروڕاکانی خۆی دەگۆڕیەوە، شەوانەش بەرامبەر بە فیلمە ئەمریکیەکان چاوی دەچووە خەوو دەکەوتە خەوێکی قووڵەوە.